# ژن و پیاو ........... زیندانی و پاسەوان

## هەندرێن حەمەدەمین

درۆ لەگەل خۆ کردنە ، خۆ هەلخەلاتاندنە ، مانەوەیە لە ناو نەزانی کاتێک کە پیاوان تەمەنی خۆیان بە پاسەوانی کردنی ژنان ئەدۆڕێنن . جیاوازی نێوان دیلیەتی ژنەکان و پاساوانی کردنی پیاوان چیە ؟؟
پیاوەکان بە فەرمانە دینیەکان و داب و نەریتە خێلەکیە کۆنەکان ژنان لە کێ ئەپارێزن؟ لە کێیان دائەبڕن ؟ ئایا پیاو پاسەوانی ژن لە ژن ئەکات ؟؟ یان ژن لە ژن دائەبڕێت ؟؟ ئایا ئەو زیندانی کردنەی ژنان نەبۆتە هۆی گرفتێکی گەورەی پیاوان ؟؟ من چۆن بتوانم وەک مۆڤێکی ئازاد بژیم کاتێک بسەپێندرێت بەسەرم کە هەموو تەمەنم لە چاودێری کردنی ژن دابم،ژن وەک (دایک ،ژن ، خوشک ، کچ).
پیاوەکان بەردەوام درۆ لەگەل خۆیان ئەکەن ، ژنەکانیش بە درۆی پیاوەکان باوڕ ئەکەن کاتێک وا خۆیان ئەخەنە روو گوایە ئەوان پیاون و مرۆی ئازادن ، کام ئازادی ؟؟؟
لە هەمان کاتدا ژنانێکیش هەن وەک پیاوەکان درۆ لەگەل خۆیان ئەکەن، پێیان وایە ئازادن و مافەکانی خۆیان بەدەست هێناوە ، بەو برە جیاوازیەی کە لەگەل ژنەکانیتر هەیانە ، ئەوە لە کاتێک پیاوانێکی کەم هەن باوڕ بە درۆی ئەم ژنانە بکەن .
پیاو یان ژن چۆن ئازاد ئەبێ لە شوێنێک لە کۆمەلێک کە ئازادی تاکە کەسی تیا نەبێ؟؟ زیاتر لە هەزار و چوار سەد سالە کورد کەوتۆتە ژێر فەرمانڕەوایی ئیسلام ، ئەو ئیسلامەی لەگەل هەموو مافەکانی تاک ناکۆکە ، ئیسلام تا ئاستێک خزاوەتە ناو کۆمەل کە تێکەلبوونێکی بەرچاوی لەگەل داب و نەریتەکان هەیە ، لەهەمان کات هەر یەک لەم وولاتانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەش کراون بریتین لە وولاتی ئیسلامی و یاسا بنەڕتیەکانیان شەریعەتی ئیسلامە ئەگەرچی ئیدیعای علمانیەتیش ئەکەن، ئەمڕۆش کە ماوەی زیاتر لە پانزە سالە کوردستانی باشور لە ژێر دەسەلاتی پارتە کوردەکان دایە ئەو پارتانەی بەردەوام وەک دەسەلاتەکانی تری ناوچەکە ئیسلامیان کردۆتە بنامای یاسا و ئیدیعاش بە علمانیەت ئەکەن.
من پێم وایە شتێک نیە پێبگووترێت کێشەی ژن و پیاو ، بەلکو کێشە کۆمەلایەتیەکان و سیاسیەکان و ئابوریەکان و فەرهەنکیەکانن دواجار لە پەیوەندی نێوان ژنان و پیاوان رەنگ ئەدەنەوە، بۆیە پێویستە کە ژنان و پیاوان بە یەکەوە روو بە رووی ئەم کێشانە ببنەوە و ئەو دیوارانە بڕوخێنن کە دین و یاسا و داب و نەریت ئەیخاتە نێوانیان.
پێویستە پیاوە ئازادیخوازەکان بە هیچ شێوە و جۆرێک لە هیچ بوار و رەهەندێک خۆیان لە ژنان جیا نەکەنەوە و ژنان لە خۆیان جیا نەکەنوە ، بە هەمان شێوە ژنانیش نابێ بەوە رازی بن کە لە پیاوان جیابکرێنەوە ، وەک ئەوەی کە ئەمرۆ ئەیبینین هەموو پارتێک لە کوردستان رێکخراوێکی ژنانی هەیە بۆ دیلکردن و دەست بەسەرداگرتنیان و کۆنترۆل کردنیان بە ناوی مافی ژنان یان ئافرەتان.
ئەم رێکخراوانە خراپترین زیندانن کە نەوەک هەر ژنانی گرتۆتەوە بگرە هەموو چین و توێژەکانی تریش وەک قوتابیان و (خوێندکاران) و لاوان و مامۆستایان و نووسەران و هونەرمەندان و .....هتد
رێکخراوە پیشەیی و دیموکراسیەکان کاتێک کە بەشێک بن لە حیزب ئەوا جگە لە دیلیەتی هیچیتر ناگەینن،ئەم راستیەش لە کوردستان تەواو سەلمێندراوە، ئێمە ئەگەر لێرەدا بە شێوەیەکی بەرفرەوان باس لە هەموو ئەو رێکخراوانە نەکەین ، بەلکو زیاتر تیشک بخەینە سەر رێکخراوەکانی ژنان و لێی وورد بینەوە بزانین بە چ مەبەستێک دائەمەزرێن و ئارک و مافی ژنان لە ناو ئەم رێکخراوانە چین و چەند ئەتوانن کار بۆ هێنانەدی وویست و ئارەزوو و داخوازیەکانی ژنان بکەن ؟

وەک گووتم دابڕاندنی ژنان و پیاوان لە یەکتر چگە لە قولکردنەوەی کێشەکان و لەیەکتر دوور خستنەوەی ئەو دوو رەگەزەی کە تەواوکەری یەکترن شتێک ترمان پێناگەینێت،دیارە رازی بوونی زۆر لە پیاوان و بەشێک لە ژنان بەم لەیەکترازانە باشترین خزمەت بە پارتەکان ئەکات ئەو پارتانەی کە دروستکەری دەستی پیاوانێکی ماف نەناسن ئەوەتە میژووی خۆیان گەواهی ئەوەمان بۆ ئەدات کە هەر یەک لەم پارتانە چەندین شەڕو کوشتاری بەرفرەوانین لەگەل یەکتر کردووە و بە هەزاران کەسیان بەکوشت داوە و هەزاران مالیان وێران کردووە ، لە پێناو چی؟؟ دوای شەڕەکانیش دەست لەملانەی یەکتر ئەبن و ئەبن بە برای گیانی بە گیانی ، زۆر بۆ دواوە ناگەڕێینەوە هەر لە سالی هەزار و نۆسەد و هەشتا تا ئەمرۆ سەیر ئەکەین بابزانین کامە یەکێک لە پارتانە بە کۆمەنست و سۆسیالست و ناسیونالست دینی و مەزهەبی و ئیسلامیەکان دەستیان سوور نیە بە خوێنی یەکتر .
ئەگەر ئەم پارتانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئامادەیی ئەو هەموو کوشت وبڕ و مالوێران کردن و دێ سووتان و .....هتد ، هەبێ ، یتر مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەس چۆن ئەسەلمێنن ؟؟؟ ئەوە درۆیەک نیە پیاوان لەگەل خۆیان ئەیکەن ؟؟؟ ئازادی پیاوەکان لە کوێندەرە کاتێک کە حیزب ئەتوانێ لە هەر کاتێک بیەوێت وەک ئامێرێک بۆ خزمەتی خۆی بەکاریان بێنێت و بیانکات بە (مرۆڤ کوژ) و بیگەینێتە ئەو ئاستە کە دەستیان بچێتە خوێنی براکانیان و هاوڕەگەزەکانیان کە پیاون ،ئەگەر ئەمە پەروەردە و رەوشتی پارتەکان بێت بۆ پیاوان کە بەم شێوەیە پیاوان بکەن بە پیاوکوژ ، ئەی چۆن پیاوان نابن بە ژن کوژ؟؟؟؟؟
لەهەمان کاتدا ژنان درۆ لەگەل خۆیان ئەکەن بەوەی کە گەیشتوونەتە پلە وپایەی حیزبی یان دەولەتی بۆ بەرگری کردن و دەستەبەر کردنی مافی ژنان ، تەواو بە پێچەوانەوە، ئەو ژنانەی کە لەم رێکخراوانە کار ئەکەن و لە رێگای ئەم رێکخراوانە لە هەر ئاستێکی حیزبی دابن بە تەواوەتی لەخزمەتی حیزب و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی حیزب دان نەوەک لە خزمەتی ژنان ،((((ژنانی رێکخراوەکانی ژنان پیاوانێکن لە بەرگی ژنان)))) ، هەر بۆیەش نەیانتوانیوە و هەرگیزیش ناتوانن ببن بە نوێنەری داخوازیەکانی ژنان و بتوانن کەمترین کار ئەنجام بدەن لە دەرەوەی بەرنامەی حیزب ، بە واتایەکیتر رێکخراوی ژنان درۆیەکی گەورەی پارتەکانە بە زمان و رەنگ و بەرگی ژنان لەگەل ژنان ئەکرێت ، ئەو ژنانەی کە بەدوای بەرژەوەندیە تاکیەکانی خۆیان ئەگەڕێن و ئامانجی سەرەتا و کۆتاییان برژەوەندی تایبەتی خۆیانە بەر لە پیاوەکان ئەکەونە درۆ لەگەل ژنانیتر و بەردەوام لە هەولی چەواشەکردن دان ...
بابزانین کامە لە رێکخراوەکانی (ژنان)..(ئافرەتان) ئەندامێکیان لە رێکخراوەکەدا هەیە کە باوک یان برا یان مێردی ژنەکە لەو حیزبە نەبێت کە دروسکەری رێکخراوەکەیە، لە چ کاتێک کە دوو حیزب لەگەل یەکتر ناکۆک بووبن رێکخراوەکانی ژنان گوێیان بەم ناکۆیە نەدابێت و لە هاوکاری یەکتر بووبن؟؟؟ بە دەیان نمونەیتر.......
بە ئاشکرا ئەلێم ئافرەتەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان دەنگی ئافرەتان نین،دەنگی حیزبن،ئەو دەنگەن کە نەوەک ناتوانن کە داکۆکی لە ژن بکەن ، تونایان نیە داکۆکی لە مندالانیش بکەن ، ژنەکانی ناو پرلەمان و حیزبەکان و حوکومەت تەنها دیکۆڕێکن و بەس.
بۆیە من پیم وایە ژنانی دەرەوەی رێکخراوەکان و حیزبەکان ئازادترن لە ژنانی ناو حیزب و رێکخراوەکان ، بۆ؟؟ چونکە ژنانی مالەوە نە درۆ لەگەل خۆیان و نە لەگەل دەوروبەر ئەکەن دان بەوە دائەنێن کە لە ژێر دەسەلاتی مێرد و باوک و براکانیان دان ، هەرچی ژنانی ناو رێکخراوەکانن درۆ لەگەل خۆیان و دەوروبەر ئەکەن بەوەی نەک هەر خۆیان ئازادن و مافەکانیان دەستەبەر کردووە بەلکو داکۆکی لەمافی ئەوانیتریش ئەکەن. ئەوە مانای ئەوە نیە کە ژنی مال ئازادە ،بەلام بە بەراورد کردن باسی لێوە ئەکەم، ژن ناتوانێ ئازاد بێت کاتێک کە پیاوەکەی دیل بێت ، بە هەمان شێوە پیاویش ناتوانێ ئازاد بێت کە ژنەکەی زیندانی بێت ، بەم واتایە کاتێک کە پیاو نەتوانێ مافەکانی دەستەبەر بکات و خۆی ئازادانە بژی چۆن بتوانێ دان بە ئازادی ژنەکەی دابنێ ، هاوکێشەیەکی نادروستە کاتێک کە پیاوانێک باوڕیان بە

دیلیەتی خۆیان هەبێ و دان بە ئازادی ژنەکانیان دا بنێن ، مەگەر ببن بە دیلی دیل وەک ماموستا هێمن موکریانی ئەلێت،(ئەسیری بسکی ئالۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم، تەماشاکەن چ سەیرێکە بەدەستی دیلەوە دیلم) ،بەمە ئەمەوێ بلێم کاتێک کە کۆملگا دیلە واتە ژنەکان و پیاوەکان ئازادیان لەدەست داوە ، کە ئەلێین کۆمەل واتە ژن و پیاو یان کە ئەلێن مرۆڤ واتە نێر و مێ ، پیاو(نێر) بەبێ ژن(مێ) هیچ واتایەک نابەخشێ ، بە پێچەوانەشەوە، کەواتە پیاوەکان ناتوانن ئازاد بن بەبێ ئازادی ژنەکان ، ژنەکانیش ناتوانن ئازاد بن بەبێ ئازادی پیاوەکان، ئازادی کۆمەلیش بریتیە لە ئازادی کەسەکانی کۆمەل ،کەسیش ئەو کات ئازادە کە بتوانێ داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات .
سەرئەنجامی ئەو قسانەم ئەوەیە تا ژنان لەناو رێکخراوەکان زیندانی بن تا چین و توێژەکانیتری کۆمەل لەناو رێکخراوەکان زیندانی دەسەلاتی حیزبەکان بن ، ئەوا مافی ژنان و مافی کۆمەل و مافی تاکە کەسی هەروا بە دروشم ئەمینێتەوە بۆ رازاندنەوەی راگەیاندنی حیزبەکان ، تا ئەو کاتەی ئەندامانی ناو ئەو رێکخراوانە بەردەوام بن لە درۆ لەگەل خۆ کردن و چەواشەکردنی خەلک ئەوا زیاتر زیاتر ئەبن بەکۆسپ و تەگەرە لە بەردەم رەورەوەی مێژوو و خێرایی گۆرانکاریەکان هێواشتر و لەسەرخۆتر ئەکەن ، بۆیە تکام وایە لەو کەسانەی ناو رێکخرەوەکان بە تایبەت ژنانی ناو رێکخراوەکانی ژنان کەچیتر لەمە زیاتر فێل لەخۆیان نەکەن و ژنەکانی تر و کۆمەل لەوە زیاتر فریوو نەدەن ،بۆ کار کردن لە پیناو ئازادی و دەستەبەرکردنی مافەکان یەکەم هەنگاو تێکشکاندنی ئەو رێکخراوانەیە و خۆ ئازادکردنە لە دەسەلاتی حیزب ، هەر هەموو حیزبەکان .
با ژنان بتوانن بەبێ ئەوەی بە ژوورەکانی رێکخراوی ژنان تێپەڕ بکرێن راستەو خۆ کاری حیزبی بکەن، با ژنان لەلایەن پیاوانی حیزبی پەروەردە نەکرێن ، یان لەسەر دەستی ئەو ژنانەی کە پیشتر لەلایەن پیاوە حیزبیەکان پەروەردە کراون ، با پیاوان بیر لەئازادی خۆیان بکەنەوە بەر لەوەی کە پاگەندە بۆ ئازادی ژنان بکەن ، با پیاوەکان بتوانن خۆیان لەم پاسەوانیە رزگار بکەن کە دەسەلات و حیزب و نەریت و دین بەسەری سەپاندووە، ئەبێ ژنان و پیاوان دان بە ئازادی یەکتر بنێن تا بتوانن بەڕاستی ئازاد بن .
هیچ کەس ناتوانێ دان بە ئازادی بەرانبەرەکەی بنێت بەبێ ئەوەی کە کەسەکە لە ناوەوەی خۆی ئازاد نەبێ ، ئازادی ژن وپیاو بەیەکتر گرێ دراوە ، ئەو ئازادیەش لە ئازادی کۆمەل بەگشتی خۆی ئەبێنێتەوە ئازادی کۆمەلیش لەبوونی یاسا و دەسەلاتێک دەبێ کە مرۆڤەکان بتوانن لەناویدا ململانەی خۆیان بکەن پێشبڕکێی خۆیان بکەن ، کە بەداخەوە ئەم پێشبڕکێیە لە کوردستان ئەمڕۆ بوونێک ئەوەندە لاوازی هەیە تا ئاستی نەبوون .
بە هیوای خەباتی پێکەوەیی ژنان و پیاوان ، سەرەتا بە تێکشکاندنی هەموو ئەو دیوارانەی کە ژنان و پیاوانی لەیەکتر ترازاندووە بە تایبەت رێکخراوەکانی ژنان، بە نەهێشتنی ئەو کەلێنانەی کە دین و نەریتە دواکەوتووەکان خستوویانەتە نێوان پیاوان و ژنان ، بۆ هاتنەدی ئەو یەکتر تەواوکردنە سروشتیانەی کە ژن وپیاو هەیەتی و لە ناویدا ژنان و پیاوان بەیەکەوە بتوانن ململانەی دەستەبەر کردنی مافەکانی تاکە کەس بکەن .
ئیتر چیتر ژنان زیندانی نەکرێن و پیاوانیش چیتر نەکرێن بە پاساوانی ژنان.

۷ی ۳ی ۲۰۰٦

handren88@hotmail.com